The Centre of Halabja
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
*C.H.A.K*
www.chak.info

Nawendî Helebce
*Dij be Enfalkirdin u Cinosaydî Gelî Kurd*
*ÇAK*
contact@chak.info

# با لەهەمبەر هەڕەشەكانی كەمالیزم بێ دەنگ نەوەستین

لەكاتێكدا بەسەدان كەسایەتی و ڕۆشنبیر لە كورد و تورك لە توركیا داوای چارەسەركردنی ئاشتیانەی كێشەی كورد دەكەن, لەبری ئەوەی توركیا بەدەم داواكارییەكانی كۆنگرەكە بچێت، كەچی سەرلەنوێ هەرەشە دەكەن كە ئەگەر ڕیفراندۆم لە كەركووك ئەنجام بدرێت و پارتی كرێكارانی كوردستانیش لە باشووری كوردستان دەرنەكرێت, ئەوا سنووری باشووری كوردستان دەبەزێنن.

ئێمە دڵنیاین دەولەتی داگیركەری توركیا هەر هەڵەیەكی لەم چەشنە بكات، تووشی گەورەترین بەرەوڕووبوونەوە لەگەل سەرجەم خەلكی كوردستان دەبێتەوە, هاوكات لە نێوەندە سیاسییەكانی جیهانیش زیاتر ڕسوا دەبێت.

هەربۆیە هیوادارین سەرجەم جەماوەر و پارت و ڕێكخراوە سیاسییەكانی كوردستان لە ناوخۆی نیشتمان و هەندەراندا، دەست بە ئەنجامدانی چالاكی بكەن و لەهەمبەر هەرەشەكانی توركیا نارەزایی دەربڕن.

لەمبارەیەوە ناوەندی چاك لە هەموو ولاتەكاندا ئامادەیە كاری هاوبەش لەگەڵ هەموو لایەك ئەنجام بدات، هەروەها داواكاریەكانمان بریتی دەبن لە:

- توركیا دەست لە كاروباری ناوخۆی كوردستان وەرنەدات، هەروەها دەبێ ریفراندۆم لەسەر چارەنووسی كەركوك لەوادەی دیاریكراوی خۆیدا ئەنجام بدرێت.
- حكومەتی توركیا وەلامی داواكاری رۆشنبیرانی كورد و تورك بداتەوە بۆ چارەسەری ئاشتیانەی كیشەی كورد لە باكووری كوردستان هەنگاوی پێویست بنێت.
- لەئەگەری ئەنجامدانی هێرشی توركیا بۆ سەر باشووری كوردستان، پێویستە هەموو گەلی كورددستان بەرەوڕووی توركیای داگیركەر ببنەوە.

**ناوەندی چاك**
18-01-2007
Chak_org@yahoo.com